# ڕانانی *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* لە نووسینی دوکتۆر بەختیار سەجادی

جەعفەر قارەمانی[١]

**پوختە**

بەردەوام پێشکەوتنی زانست هۆی سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێیە، بۆیە پێشەنگەکانی هەر لقێکی زانستی سەرەتا بنەمای زاراوەکانی پسپۆڕانە دادەڕێژن، بۆ ئەوەی بتوانن ڕەوشی تێگەیشتن و تێگەیاندنی زانستەکان دیاری بکەن. باشترین و خێراترین میتۆد بۆ زانیاری لەسەر هاوتادۆزی زاراوەکان، خوێندنەوەی فەرهەنگی پسپۆڕانەیە. بابەتی ئەو وتارە ڕانانی *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* لە نووسینی بەختیار سەجادی-یە کە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن ماڵی وەفایی بڵاوکراوەتەوە. تایبەتمەندیی سەرەکیی زاراوەکانی ئەو *فەرهەنگە* ئەوەیە بەپێی پێکهاتەی زمانی کوردی داڕێژراون، بۆیە کارتێکەرییان لەسەر پەرەسەندن و هەڵچوونی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا، بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە. دیارترین ئەنجامی نووسینی ئەو فەرهەنگە، سڕینەوەی زاراوەی زەوقی و کەمکردنەوەی سەرلێشێواویی توێژەرانی زمانی کوردی لە هەڵبژاردنی زاراوەی ڕەخنەییە. نووسینی فەرهەنگ، بەتایبەت فەرهەنگی زاراوەکان کارێکی درێژخایەنە و پێویستی بە هاریکاری پسپۆڕانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی هەیە؛ بەڵام سەجادی بەهۆی کارامەیی و شارەزایی تەواو لەسەر زمان و ئەدەبی ئینگلیزی، کوردی و فارسی بە شێوەی تاکەکەس شانی وەبەر توێژینەوەیەکی وەها دژوار داوە، ڕەنگە تەنیا هەر هەستی خۆشەویستیی زمانی کوردی هاندەری بووە، بۆ دانانی ئەو فەرهەنگە. سەجادی لەو ڕەخنەگرە هاوچەرخانەیە بەشدارییەکی بەرچاوی لە خۆماڵیکردنی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا بووە و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە. بێگومان ئەو جۆرە هەوڵانە هۆی گەشبینی بە ڕەخنەی ئەدەبی و زاراوەسازی لە زمانی کوردیدایە.

**وشەگەلی سەرەکی:** فەرهەنگ؛ زاراوەسازی؛ زاراوەی ڕەخنەیی؛ ڕەخنەی ئەدەبی.

---

[١] ghahjefer@gmail.com

## ١- سەرەتا

بەردەوام پێشکەوتن و گەشەسەندنی زانست، هۆی سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێیە، بۆیە پێشەنگەکانی هەر لقێکی زانستی، سەرەتا بنەمای زاراوەکانی پسپۆڕانە دادەڕێژن، بۆ ئەوەی بتوانن شێوازی تێگەیشتن و تێگەیاندنی زانستەکان دیاری بکەن. باشترین و خێراترین میتۆد بۆ ناسیاوی و زانیاری لەسەر هاوتادۆزی وردی زاراوەکان، خوێندنەوەی فەرهەنگی پسپۆڕانەیە (ناظمیان، ١٣٩٣: ٩٨). زانستە مرۆییەکان هەر لە سەدەکانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی خێرا بەرەو سەربەخۆیی ڕۆیشتوون. یەکێک لە ئامرازەکانی ئەو سەربەخۆییە، بوونی زمان و گوتاری تایبەت و بەرهەمدارە. بەو پێیە ڕەخنەی ئەدەبیش زانستێکی پسپۆڕانەیە و بە حوکمی ئەو پێویستییە ڕووی لە زاراوەسازی بەربڵاو کردووە (پیرس، ١٩٩٨: ٢٦٣). بە واتایەکی دیکە، هەرکام لە لقەکانی زانستی بۆ پەیوەندی لەگەڵ بەردەنگی خۆیان پێویستییان بە زمان و زاراوەی تایبەت هەیە، بۆیە ڕێژەی بەربڵاوی، دەوڵەمەندی و جۆراوجۆری زاراوەکان وەک یەکەمین نیشانەکانی پێشکەوتنی زمان ناسراون (حدادی، ١٣٨٤: ٤٤).

هاوتادۆزی لە ئاستی وشە و زاراوە لە فەرهەنگەکانی چەند زمانەدا، بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە گواستنەوەی باری واتایی لە نێوان چەند زمانی جیاوازدا، بابەتێکی زانستییە کە جگە لە بوونی زانیاریی لەسەر زاراوەسازی، پێویستی بە تاوتوێی تەواو تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی و واتایی لە زماندا هەیە. هاوتادۆزی دەبێت بەپێی ڕێسای زمانی و پاراستنی بناغەکانی زمانی و بەرابەری واتایی ئەنجام بدرێت (طهماسبی و جعفری، ١٣٩٣: ١١٧). لە پرۆسەی دانانی زاراوەی ڕەخنەییدا دەکرێت گەر زاراوەیەک نوێ، یان نەناسراو بوو، بە توێژینەوەی مەیدانی و لە فۆرمی ڕائەزموونی لە مامۆستایان و پسپۆڕانی ئەو بەشە، باشترین زاراوە بەپێی واتا و پێکهاتەی زمانی هەڵبژێردرێت. زاراوەکانی ڕەخنەیی، ئامرازگەلێکن بۆ تێگەیشتن و داهێنانی دەقی ڕەخنەیی و هەر چەشنە توێژینەوەیەک بۆ ساخکردنەوە و دەرخستنی ڕادەی ڕەوانی و ڕوونی ئەو بابەتە هەنگاوێکە لەپێناو دەوڵەمەندیی ڕەخنەی ئەدەبیدا.

کێشەی سەرەکیی وەرگێڕی دەقی پسپۆڕانە، دیتنەوەی هاوتای زاراوەکانە. بە باوەڕی کۆمیسارۆف یەکەمین و دروستترین شێوازی وەرگێڕانی زاراوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دیتنەوە و دانانی زاراوەیەکە لە زمانی دووهەمدا کە خاوەنی تەواوی تایبەتمەندییەکانی واتایی

وەک: واتای خوازەیی، وشەیی، سۆزداریتی و هتد، ببێت (Komissarov,1985 : 211). زاراوە، بە وشەگەلێکی ورد دەگوترێت کە لە هەر لقێکی زانستیدا واتا تایبەتەکانی ئەو زانستە دەردەبڕێت و زانایانی ئەو زانستەش لەسەر واتای ئەو زاراوانە کۆدەنگییان هەیە، کەوایە گرنگترین تایبەتمەندیی هەر زاراوەیەک، ڕوونی لە دەربڕینی چەمکە، دواتر کۆدەنگیی پسپۆڕانی زانستی لەسەر وەرگرتن و بەکارهێنانی لە دەقی پسپۆڕانەدایە. دانان و وەرگێڕانی هاوتای سەلیقەیی نەک تەنیا لەسەر ڕوونی واتایی زاراوە شتێک زیاد ناکات؛ بەڵکوو هۆی هەڵەتێگەیشتن و تێکدانی واتای زاراوەش دەبێت.

فێلبێر دەڵێت: «پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی مرۆڤایەتیدا پێویستی بە داهێنان و دانانی زاراوەی نوێ، یان پەرەپێدانی زاراوە، یان دووپاتکردنەوەی پێناسەی زاراوەکان لە زماندا هەیە» (فلبر، ١٣٨١: ٢١). لەو سەردەمەدا یەکێک لەو گرفتانەی بەربەستە بۆ گەشەسەندنی زانستی ڕەخنە و بەهێزبوونی گوتاری ڕەخنەیی و لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە ڕەخنەی ئەدەبی، بەتایبەت لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، دەرکەوتنی ئەو ئاڵۆزییەیە لە دانانی هاوتای زاراوەی ڕەخنەیی. شیکردنەوەی بارودۆخی زاراوەکانی ڕەخنەیی، دەربڕی بەشێک لە ناتەواوی و کێشەکان لەو بوارەدایە. ئەو دۆخە شێواوە ئەنجامی چەند بابەتێکی وەک هاوردەیی و خۆماڵی نەبوونی زانستیی ڕەخنەییە.

لە زمانی کوردیدا بابەتێکی تر کە مەودای ئەو کێشەیە قووڵتر دەکاتەوە و بە «قەیرانی زاراوەسازی»یش دەکرێت ناوی ببەین، وەرگێڕان، یان دانانی زاراوەی ڕەخنەییە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی، یان لە فارسییەوە بۆ کوردی، چونکە لە هەردوو زماندا کۆمەڵێک گرفتی زاراوەسازی بەربەستن بۆ وەرگێڕ لە دانانی زاراوەی هاوتادا. بڕێکجار وەرگێڕ بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر ئەو بابەتانە و پشتبەستن بە هەندێک فەرهەنگ کە خۆیان لە ناتەواوی بەدوور نیین، وشە و زاراوەی نادروست و زۆرجار ناڕوون بەکاردەهێنن و بێمەبەست و نەخوازراو دەبنە هۆی شێواویی زیاتری زاراوەکانی ڕەخنەیی. لە لایەکی دیکەشەوە، بەهۆی ئەوەی وشە و زاراوەکانیش لە زمانە جیاجیاکاندا باری واتایی بەرابەریان نییە، زێدەتر گرنگیان دەردەکەوێت، بۆیە ئاساییە وەها جیاوازییەکی بەربڵاوی واتایی لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا و ژمارەی بەرابەری هاوتایان لە هەر زمانێکدا هەبێت؛ بەڵام ئەو نابەرابەریی واتاییە لە زمانی کوردیدا لەگەڵ زمانەکانی بۆ نموونە، ئینگلیزی و فارسی بابەتێکی دیارە، چونکە زمانی کوردی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پێکهاتەیی تایبەت بەخۆی هەیە.

**١- ١- پێشینەی توێژینەوە**

فەرهەنگ بەرهەمێکە مرۆڤ دایهێناوە؛ بەڵام بە دەگمەن لێکدانەوە، یان هەڵسەنگاندنی وردی بۆ دەکرێت. توێژینەوەکان لەسەر بابەتی فەرهەنگ‌نووسی دەریانخستووە، نەتەنیا لە زمان و ئەدبی کوردیدا، بەڵکوو لە زۆربەی زمانەکانی جیهانیشدا چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ لێکدانەوەی فەرهەنگ لە ئارادا نییە، هۆکارەکەشی ڕەنگە هەر ئەوە بێت چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا شێوازێکی ناسراو و پێوەرگەلێکی تایبەت بۆ تاوتوێی فەرهەنگ، بەتایبەت فەرهەنگی زاراوەی پسپۆڕانە لە ئارادا نەبووە و ڕێککەوتنێکی گشتی، یان تەنانەت ڕێژەییش لەسەر ڕەخنەی فەرهەنگ، یان بە هیچ شێوەیەک بوونی نەبووە، یان زۆر کەمن. جگە لە نووسین و دانانی فەرهەنگ، ڕانانی فەرهەنگیش بابەتێکی گرنگە کە هێشتا بە شێوەیەکی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا جێ‌نەکەوتووە، یان ئەگەر وتارێکیش لەسەر ئەو بابەتە نووسرابێت، تەنیا خوێندنەوەیەکی ساکار و زۆرجار بۆچوونێکی دڵخوازی کەسی ڕەخنەگر بووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە تا کاتی نووسینی ئەو وتارە هیچ جۆرە نووسراوەیەک لەسەر *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* نەنووسراوە و دەکرێت ئەو ڕانانە وەک یەکەمین وتار لەسەر *ئەو فەرهەنگە* پێناسە بکرێت.

**٢- بابەتی سەرەکی**

بابەتی سەرەکیی ئەو وتارە ڕانانێکی پوختە بۆ *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* و نواندنی تایبەتمەندییەکانی وەک فەرهەنگێکی نوێ لە بواری زاراوەسازی و تاوتوێی پرسەکانی ناتەواوی و لێڵی واتایی لە زاراوەکانی ڕەخنەیی لە دەقە وەرگێڕدراوەکانی زمانی کوردیدا. لەو وتارەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پێکهاتەیی، ناوەڕۆک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەشی پێشەکی ئەو فەرهەنگە دەکرێت. مەبەست لە هەڵبژاردنی ڕانانی ئەو فەرهەنگە جگە لە دەوڵەمەندی لە بواری وەرگێڕان و داهێنانی زاراوەی ڕەخنەیی نوێ، ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە دەتوانێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ خوێندکارانی لقەکانی زانستی، بەتایبەت ئەو کەسانەی تامەزرۆی توێژینەوەی نێوانبواری، واتە ڕەخنە لە زمانی کوردی‌دان، ببێت. ئەنجامی ئەو ڕانانە دەریدەخات زاراوەکانی ئەو فەرهەنگە بەپێی خوێندنەوەی تیۆرییەکانی ئەدەبیی کۆن و نوێ و لەسەر بنەمای توانایی پێکهاتەیی و لایەنی جوانیناسی و پاراستنی بنەما گشتییەکانی زاراوەسازی داڕێژراون و تا ڕادەیەکی زۆر لە پەرەسەندنی گوتاری ڕەخنەی هاوچەرخدا کارتێکەرن.

لەو وتارەدا هەوڵدراوە بەو گریمانەیە کە بوونی زانیاری لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی خۆماڵی، پێویستی بە دروستکردنی گوتارێکی زاراوەسازی یەکگرتوو لە نێوان پسپۆڕان و توێژەرانی ئەدەبیدا هەیە، پێویستە ئەو بابەتە دەرخرێت کە سەجادی لەو بیرۆکەوان و تیۆریستە هاوچەرخانەیە بە داهێنانی ئەو سیستەمە زاراوەییە، لەسەر بنەمای مێتۆدی زانستی و دانانی لە گوتاری ڕەخنەی کوردیدا، توانیویێتی بەشدارییەکی بەرچاوی لە خۆماڵیکردنی ڕەخنەی ئەدەبیدا هەبێت.

فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی ساڵی ٢٠٢٢ لە ٦٠٠ لاپەڕەدا و لە جزوبەندی وەزیری و ئەژماری ١٠٠٠ دانە لە لایەن ماڵی وەفاییەوە لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە. ئەو فەرهەنگە نزیکەی ٧٠٠٠ زاراوەی لەخۆگرتووە کە زیاتر بواری ڕەخنە و تیۆریی ئەدەبی، بەتایبەت زاراوەکانی زمانناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و دەروونشیکاری دەگرنەوە و هاوواتای فارسی و کوردی بۆ هەموو زاراوەکان دانراوە. لەباری ڕواڵەتەوە فەرهەنگەکە ناونیشانێکی ورد و ڕووبەرگێکی جوانی هەیە. شێوازی پیتچنی و یەکدەستبوونی ڕێنووسی زاراوەکان وەک خاڵێکی بەهێزی ئەو فەرهەنگە دەرکەوتوون.

نووسەری *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی*، بەختیار سەجادی خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆرای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و پرۆفیسۆری هاوکار و بەشداری لێژنەی زانستیی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی زانکۆی کوردستان و دامەزرێنەری بەشی کوردیی زانکۆی کوردستانە. لە ماوەی ساڵەکانی ٢٠١٥ تا ٢٠٢٠ سەرۆکی ئەو بەشە بووە. وتار و توێژینەوەکانی زیاتر لەسەر ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبین و کۆمەڵێک وتاری زانستی- توێژینەوەیی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئێران و ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی بڵاو کردۆتەوە. ناوەرۆکی ئەو توێژینەوانە دەرخەری پێشینەی هزریی نووسەری ئەو فەرهەنگە لەسەر ڕەخنەی ئەدەبییە.

نووسینی فەرهەنگ، بەتایبەت فەرهەنگی زاراوەکانی پسپۆڕانە کارێکی ساکار نییە و یارمەتی و پاڵپشتی کۆمەڵێک پسپۆڕی دەوێت، تەنانەت مەرجە ئەو پسپۆڕانە دەبێ لە بواری ئەدەبیشدا زانیاریی تەواویان هەبێت؛ بەڵام سەجادی بەهۆی شارەزایی تەواو لەسەر زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی بە شێوەی تاکەکەس ئەو لێکۆڵینەوە درێژخایەنەی بە ئەنجام گەیاندووە، ڕەنگە تەنیا هەر هەستی خۆشەویستیی زمانی کوردی بۆتە هۆی ئەوەی شان وەبەر توێژینەوەیەکی وەها دژوار بدات.

یەکەمین نووسینی لەسەر وشەڕۆنان و زاراوەسازی ساڵی ١٣٧٨ لە کۆمەڵێ وتار بە ناوی *قوتابخانە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی کوردیدا* لە حەوتەنامەی سیرواندا بڵاوکردەوە. لە وتارێکی دیکەدا بە ناوی *ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ* کە لە سێزدە وتار پێک هاتبوو، کۆمەڵێک زاراوەی ڕەخنەیی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕا سەر زمانی کوردی. بە شێوەی فەرمی یەکەمین هەوڵەکانی لە پێناو وشەڕۆنان و زاراوەسازیدا بۆ دامەزراندنی کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لە ساڵی ١٣٨١ دەگەڕێتەوە. سەجادی ئەندامێکی کارای لێژنەی زانستی ئەو کۆڕە بوو.

یەکێک لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی ئەو کۆڕە، زاراوەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا بوو. لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری زمانەواندا، وتارێکی لەسەر پێویستیی دانانی لێژنەیەک بۆ هەردوو مەبەستی فێرکاری و پەرەپێدانی زمانی کوردی بڵاو کردەوە. لە ژمارەی سێهەمدا وتارێکی لەسەر پێویستیی وەرگێڕانی زاراوە و چەمکە زانستییەکان نووسی. دواتر کۆکراوەی زاراوەکانی لە قەوارەی فەرهەنگۆک لە گۆڤاری دەقدا وەک پاشکۆ لە دوو ژمارەی ساڵەکانی ١٣٧٩ و ١٣٨٠ دا بە چوار زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی، فارسی و کوردی بڵاوکردەوە. ساڵی ٢٠٠١ لە بڵاوگەی سەردەم یەکەمین فەرهەنگۆکی زاراوەکان-ی بڵاو کرایەوە. ساڵی ٢٠٠٢ ئەو فەرهەنگەی بە یارمەتی محەممەد مەحموودی لە پەخشانگەی سەردەم لە سلێمانی چاپ کرد. هەر لە درێژەی ئەو لێکۆڵینەوانە و بەهۆی ئاگاداربوون و بەدواداچوون لە هەوڵەکانی نووسینی فەرهەنگی زاراوەکانی ڕەخنەیی لە زمانەکانی بیانیدا، درێژەی بە دانان و وەرگێڕانی زاراوەکان لە زمانی کوردی دا، بۆیە ساڵی ٢٠٠٤ بەرگی یەکەمی *فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی* بەهاوبەشی محەممەد مەحموودی لە لایەن دەزگای ئاراسەوە بڵاو کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو فەرهەنگە کەلێنێکی دیاری کتێبخانەی کوردی پڕکردەوە (سەجادی، ٢٠٢٢: ١٩).

*فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* لە دوو بەشی پێشەکی و زاراوەکان پێکهاتووە. لە بەشی پێشەکیدا چەندین بابەتی جیاواز شیکراوەتەوە. لە «وتەی دەستپێک»دا سەجادی زاراوەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا وەک گرفتێکی سەرەکی لە بەردەم تویژەر پێناسە دەکات و دواتر خەسارناسیی ئەو بەشەی لە وەرگێڕان و زاراوەسازی لە دەقی ڕەخنەیی کوردیدا دەرخستووە. بە باوەڕی نووسەری ئەو فەرهەنگە، زاراوەسازی و وشەڕۆنان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بابەتی پەرەسەندنی زماندا هەیە. زمانی کوردی هەرچەند خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و توانستی

زمانییە، بەڵام هێشتا قامووسێکی گشتگیری سەبارەت بە زاراوەگەلی زانستە مرۆییەکان نییە کە بۆ وەرگێڕی دەقی پسپۆڕی ببێتە پاڵپشت، قامووسێک کە لەلایەن بەشێکی زۆری توێژەرانی کوردینووسەوە وەک پێوەر بەکار بهێنرێت، بۆیە وەرگێڕانی زاراوەکان لە لق و ڕێبازە جیاوازەکانی زانستیدا وەک گرفتێکی دیار لە بەردەم توێژەر و وەرگێڕ دەستنیشان دەکات. هەر لەو بەشەدا وەک پێویست بەهۆی لێکدانەوەی هەڵە لە زۆرێک لە نووسراوە و توێژینەوەکان لەسەر وشەڕۆنان و زاراوەسازی، بە پوختی جیاوازیی نێوان ئەو دوو چەمکەی تاوتوێ کردووە. لە پێناسەی وشەڕۆناندا هاتووە کە وشەڕۆنان ڕواڵەتێکی گشتی و گشتگیر و جەماوەری هەیە؛ بەڵام زاراوەسازی تا ڕادەیەک پسپۆڕانە و سنووردارترە و تایبەتە بە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆیی و ئەزموونی و پزیشکییەکان، دیارە زاراوەسازیی زانستی، بواری گشتگیربوون و چوونە نێو خەڵکیشی هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا سەرەڕای چەندین هەوڵی بەنرخی تاکەکەسی و دامەزراوەیی، هێشتا کێشەی زاراوەسازی و وشەڕۆنان هەر لە گۆڕێدایە و چارەسەر نەبووە.

لە پاژێکی دیکەدا ئاماژە دەکات زاراوەکانی پیشەیی و زانستە تایبەتەکان، بە پێچەوانەی وشەڕۆنانەوە، هەر تەنیا لە لقێکی دیاریکراوی زانستیدا بە شێوەیەکی پسپۆڕانە دێنە بەکارهێنان و لە زانستەکانی دیکەدا واتای خۆیان نامێنێت، یان لەوانەشە جگە لە واتای تایبەتی خۆیان، هیچ واتایەکی دیکەیان نەبێت. لە کۆتایی بەشی «وتەی دەستپێک» دا نووسەر ئاماژە دەکات، لە ئەدەبی کوردیدا نەتەنیا لەسەر زاراوەسازیی پسپۆڕانە، بەڵکوو لە وشەڕۆنانی گشتیشدا توێژینەوەکان کەمن، ئەوە لە کاتێکدایە پرسەکە وەک پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر دەرکەوتووە.

دوای لێکدانەوەی ئەو کێشانە لە بەشێکی تردا، کورتە مێژووی زاراوەسازی و فەرهەنگی زاراوەیی بە وردی لە یەکەمین هەنگاوەکانەوە بۆ زاراوەسازی لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان تا توێژینەوەکانی سەردەم دەخاتە ڕوو. سەجادی زۆر بە وردی ئاماژەی بە پێشینەی زاراوەسازی لە کوردیی ناوەندی و سەروودا کردووە. مێژووی زاراوەسازی لە کوردیی ناوەندیدا بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێنێتەوە و لە هەمان کاتدا لە کوردیی سەروودا هەوڵەکانی زاراوەسازی پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕادەوەستێت. لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا بەهۆی هەندێک هۆکاری دیار و سانسۆڕی توند، هەر جۆرە توێژینەوەک بۆ زاراوەسازی لە زمانی کوردیدا بە نیوەچڵی مانەوە؛ بەڵام لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەم لە لایەن نووسەران و توێژەرانی باکوور

تویژینەوەی زیاتر دەرکەوت. لە پاژێکی تردا دەریخستووە کە لە زمانی کوردیدا، زاراوەسازی سەرەتا زیاتر لە دوو بواری زمانناسی و ئەدەبدا گەشەی سەندووە. لە لێکدانەوەیەکی دیکەی پێشەکیدا بەو سەردێڕە *«پەنجا خاڵ سەبارەت بە گیروگرفتەکانی زاراوەسازی لە زمانی کوردیدا»* بەشێک لە چەوتتێگەیشتنەکانی زاراوەسازی *لە نووسینی کوردیدا* تاوتوێ دەکات و کۆمەڵێک هەڵەی هاوتادۆزی لە زمانی کوردیدا دیاری کردووە و دوای هەڵسەنگاندنیان، زاراوەی دروستی بۆ داناون. بەو شێوەیە هەڵبژاردنی زاراوەی دروستی بۆ تویژەرانی لقە جۆراوجۆرەکانی زانستی ئاسان کردۆتەوە.

بەپێی خوێندنەوەی پێشەکی ئەو فەرهەنگە دەرکەوتووە، سەجادی بە دانانی *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* هەوڵی زیندووکردنەوەی تیۆرییە لەبیرکراوەکانی ڕەخنەیی داوە و تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای ڕەوشی زانستی نوێ، بەتایبەت زمانناسی، فەلسەفە، کۆمەڵناسیی ئەدەبی و ڕەوانبێژی و هتد، پرۆسەی زاراوەسازی دەوڵەمەندتر کردووە، کەوایە بەهۆی بوونی ڕوانگەیەکی تەواو ڕەخنەیی، ئەو زاراوانە زیاتر لای بەردەنگ و لێکۆڵەرانی ئەو بوارە بایەخی زانستییان دەرکەوتووە و جێیان لە نووسینەکانی ڕەخنەییدا و لەنێو وەرگێڕان و تویژینەوەکانی هاوچەرخدا کردۆتەوە. گرنگی ئەو زاراوانە بۆ ئەو دانستەیە دەگەڕێتەوە کە بەپێی خوێندنەوەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی هەوڵی دارشتن و وەرگێڕانیان دراوە، بۆیە بەکەڵکبوونیان لە ڕەخنەی کوردیدا، بابەتێکی دیارە، کەوایە بە کۆکردنەوەی ئەو زاراوانە دەکرێت بە داهاتووی زاراوەسازی و ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا دڵخۆش بین.

سەجادی کێشەی سەرەکیی تویژینەوە و وەرگێڕانی دەقی ڕەخنەیی، زانستی و هزری لە زمانی کوردیدا، بە قەیرانی زاراوەسازی و ئاڵۆزی بەکارهێنانی زاراوەکان دەزانێت. بۆ چارەسەریی ئەو قەیرانە هەرچەند چەند هەوڵێکی دامەزراوەیی لە ئارادا بووە؛ بەڵام چالاکییەکان زێدەتر تاکەکەسین. لە هەوڵە تاکەکەسییەکانیشدا چەوتتێگەیشتن و دارشتنی زەوقی زاراوەسازی، هۆی قووڵترکردنی ئەو ئاڵۆزیانەیە، بۆیە پێی وایە ئەو جۆرە هەولانە بۆتە هۆی ڕاچڵەکانی ئەو نووسەرانەی خۆیان بە پاراستن و پەرەسەندنی زمانی کوردییەوە، ماندووکردووە.

خوێندنەوەی پاژێکی دیکەی ئەو فەرهەنگە دەربڕی ئەو بابەتەیە کە کتێبخانەی کوردی بەگشتی لە ڕووی وەرگێڕانی ئەدەبییەوە دەوڵەمەندتر لە وەرگێڕانی زانستییە. مەبەستی سەجادی لە وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانە لە زمانەکانی بیانی بۆ زمانی کوردی، چونکە مخابن ژمارەی هەوڵەکانی وەرگێڕان بۆ زمانەکانی دیکە زۆر کەمن. ئەوە لە حاڵێکدایە وەرگێڕانی زانستی، چ لە

ڕابــردوو و چ لە ئێســتا گەشــەی بەرچــاوی نەبــووە و زۆر دەقــی گرنگیــی زانســتی هەیە، هێشــتا نەکراونەتە کوردی. بە باوەڕی نووسەری فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی، هەمــوو ئەو کەموکووڕییــانە هاندەری‌بوون بۆ بەردەوام بــوونی لەو بــوارەدا. وەک خۆی ڕاستەوخۆ ئامــاژەی پێ کردووە کەڵکەڵەی ســەرەکییان، وشــەڕۆنان و زاراوەســازیی ئەدەبــی، ڕەخــنەی تیۆریــک و زانســتی لە گوتــاری ئەدەبــی کوردیــدا لە هەردوو بەشــی ئەکادێمیــک و دەرەوەی ئەکادێمیــک بــووە، بــۆیەش بەردەوام خەریکــی کۆکردنەوە و دانانی زاراوەی نوێی ڕەخنەیی لە لقە جیاجیاکانی زانستی بووە.

**٢-١- دیارترین تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی:**

**٢-١-١-** نوێکاری لە بواری زاراوەسازی، داهێنان و هاوتادانانی زاراوەی ڕەخنەیی

**٢-١-٢-** دەرخستنی پێشینەی نووسینی فەرهەنگی زاراوەیی بۆ یەکەم جار بە شێوەی زانستی.

**٢-١-٣-** بوونی پەخشانێکی ڕەوان لە دەربڕین و لێکدانەوەی بابەتەکانی بەشی پێشەکیدا.

**٢-١-٤-** داڕشــتن و هەڵبژاردنــی وشــە و زاراوەی شــیاو و دروســت، بەپێــی پێکهــاتەی زمــانی و شوناسی ڕێزمانی لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووهەم.

**٢-١-٥-** دانانی بەشەکانی دەنگ‌نووسی بە کوردیی ناوەندی و سەروو بۆ زاراوەکان.

**٢-١-٦-** یەکدەستی نیشانەکانی خاڵبەندی و ڕێنووسی و پاراســتنی ئابووریی زمــانی لە بەشی پێشەکیدا.

**٢-١-٧-** دیزاینی جوان و ڕازاوە.

وەک زۆرێــک لە ڕەخنەگرانــی هــاوچەرخ، ســەجادی لەســەر ئەو بــاوەڕەیە ڕەخــنەی خۆمــاڵی لە ئەدەبی ئێمەدا زۆر بەرهەمــدار نییە و بــۆ ئەوەی بگەیــنە قۆنــاغی ڕەخــنەی دروست، دەبێت چەنــدین شــێواز و یاســای ڕەخنەیــی لە زمانەکــانی دیــکە کە برەویــان هەیە، وەربگــرین، بــۆیە بە ناســینی بابەتەکــانی ڕەخــنەی نــوێ و بەراوردیــان لەگەڵ پێــوەر و بناغەکــانی دێرینــی خۆمــاڵی، دەکرێت لە دەرەنجامەکانی ڕەخــنەی ئەدەبی بە شێوەی پراکتیــک بەهــرە وەربگرترێت. بۆ گەیشــتن بەو ئامــانجە ڕەخنەی ئەدەبی پێش هەمــوو شتێک پێویستی بە گوتــارێکی تــایبەت هەیە و بەبێ ئەو سیســتەمە، گواستنەوەی دەرەنجامەکانی ئاڵۆز و بێ کەڵک دەبێت. بە واتایەکی دیکە، گوتاری ڕەخــنەی ئەدەبــی خۆماڵی لە ڕاستیدا دەبێ خاوەنی سیستەمێکی زاراوەسازیی زانستی و گونجاو لەگەڵ بەرهەمەکانی زمــانی کــوردی بێت، تــا ئەو بۆشاییە و کەموکووڕییەکــانی پــڕ، یــان قەرەبوو بکــرێنەوە. ئەو ئامــانجە

وەک بەڕێزیان باسی کردووە، ئامانجی سەرجەم ئەو کەسانەیە لە بوارە جیاجیاکاندا بە کوردی دەنووسن، هۆکارەکەشی بۆ پەرەسەندنی شێوازی زانستی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەراورد لەگەڵ زمانە زیندووەکانی دونیادا، بەتایبەت زمانەکانی فارسی و عەرەبی دەگەڕێتەوە. سەجادی ڕای وایە لە ئێستادا پتر لە هەموو سەردەمێک زمان و ئەدەبی کوردی پێویستی بە خستنەڕووی بنەواشە و ڕێساکانی وشەڕۆنان و زاراوەسازی هەیە، بۆیە پێویستە سەرنجی زیاتر بدرێتە ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە توانستی زمانی کوردییەوە هەیە. ئەو پرۆسەیە وێڕای پاراستن و بایەخدان بە مۆرکە دیار و نادیارەکانی زمانی کوردی چ لە ڕووی ڕستەسازی، پێکهاتەناسی و دەستەوشەسازی و چ لە باری وشەناسییەوە ئاماژەن بۆ وزە و لێهاتوویی زمانی کوردی لە پرۆسەی وشەڕۆنان و زاراوەداناندا. زمانی کوردی هەندێ جار وەرگێڕی کورد دڵخۆش دەکات، ئەویش بەهۆی توانستەکانی لەباری ڕێسا ڕێزمانییەکانەوە، یان بەهۆی زۆری پاشگر و پێشگر، یان دەوڵەمەندبوونی لە ڕووی فرەیی وشە و چەمک.

بەهۆی ئەوەی وشە گرنگترین ئامرازی کاری وەرگێڕە و لە هەر هەنگاوێکدا لەگەڵی ڕووبەڕوویە، زانیاریی وەرگێڕانی بواری فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی لە ئاستی وشەناسی و هاوتادۆزی وەک کۆڵەکەی سەرەکیی وەرگێڕ لە وەرگێڕانی جۆرەکانی دەقی پسپۆڕانەی چەند زمانەدا ناسراوە. ئاشکرایە بەشێک لە وشە و زاراوەکان لە واتادا جیاواز، یان دژیەکن. لەو بوارەدا دەبێت پشکنینی بۆ بکرێت، کام واتا لەگەڵ شێوازی ڕستە و ناوەرۆکی گشتی پەیوەندی هەیە و لە نێوان هاوتاکانی نزیک لەیەک، ئەوەی وردتر و گونجاوترە، دەبێ هەڵبژێردرێت. نووسەری *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* بۆ ڕزگاربوون لە ئاستەنگی هەڵبژاردنی زاراوە، کۆمەڵێک فەرهەنگی زاراوە وەک لەبەشی سەرچاوەکاندا هاتووە، خوێندۆتەوە و پاشان بەپێی لێکدانەوەی بنەماکانی زانستی، زاراوەکانی هەڵبژاردووە. زاراوەکانی ئەو فەرهەنگە لەباری واتایی و دەربڕینی ناوەرۆک ورد و دروستن، هۆکارەکەشی ڕەنگە هەر ئەو بابەتە بێت کە بەپێی پێکهاتەناسیی زمانی، وشە و زاراوەکانی ئەو فەرهەنگەی داڕێژراون.

له پـاژێکی تـردا، جـگە لە دەرخسـتنی ئەو زاراوە وەرگێـڕدراوانەی لە لایەن وەرگێـڕە کوردەکـانەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردی، زۆر بە وردی باسی کێشەی سەرەکیی ئەو وەرگێڕە کوردانە دەکات کە لە زمانەکانی فارسی، یان عەرەبی کۆمەڵێک زاراوەی فەلسەفی، یان ڕەخنەییان هێناوەتە نێو دەقـی کـوردی، بـێ‌ئەوەی ئاوڕیـان لە واتـا و پێکهـاتەی ڕێزمـانی زاراوەکـان و ڕەگیـان لە زمـانی ئینگلیزیـدا دابێـتەوە. لە زمـانی فارسیدا کۆمەڵێک زاراوەی عەرەبی، هاوواتایـان بـۆ دانـراوە کە بە تەواوی لە زمانی زانستی و فەلسەفی ئەو زمانەدا جێگیر بوون؛ بەڵام ئەو جۆرە زاراوانە لە زمـانی کوردیدا بۆ وەرگێڕی کورد گرفت دروست دەکەن. سەجادی بۆ ڕزگاربوون لەو کێشەیەش پێی‌وایە وەرگێڕ دەبێت بە وردی سەرنجی واتای چەمکەکان بەو شێوەیەی لە نەریتی فەلسەفیی ئیسلامیدا بەکارهاتوون و پاشان بەو جۆرەی لە لاتینیدا بەکارهێنراون، بدات و لە ئەنجامدا بەپێی ڕەگ، یان مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیان لێکبدرێنەوە و لە کۆتاییدا زاراوەی دروست هەڵبژێردرێت. گەرچی هەندێ لە هاوواتـا و زاراوەکـان بە ڕواڵەت هەر یەکـن؛ بەڵام لە وشـەڕۆنان و زاراوەسـازی و وەرگێڕانـدا چکۆلەترین جیاوازی هـۆی سـەرهەڵدانی پێناسـەی جیـاواز دەبێت. بەشێک لە زاراوەکـان لە زمـانی کوردیدا بۆ یەکەم جار لەلایەن نووسەرەوە داتاشراون و بەشێکی دیکەش هەر لە نوسخەکانی پێشوودا کە هاتوون، لەو نوسخەیەدا هاوواتای نوێیان بۆ دانراوە.

**٣-٢- مەبەسـتە سـەرەکییەکانی دانـانی *فەرهەنگـی زاراوەی ڕەخنەیـی بەو جـۆرەی دانەر ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ‌کردوون:***

**٣-٢-١-** دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان زمانی ئاسایی و گشتی و زمانی زانستی.

**٣-٢-٢-** هەوڵدان بۆ گشتگیرکردنەوە و مسۆگەرکردنی شێوازیی زانستی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی پاراو و یەکگرتوو.

بەپێی ئەنجامی ئەو وتارە دەرکەوتووە لەو فەرهەنگەدا زیاتر هەوڵدراوە لەو بێژە و زاراوانە سوود وەربگیرێت کە بەجۆرێک لە زاراوەکانی باوی زمانی کوردی، یان فارسین. سەجادی پێی‌وایە لە زۆر نووسـراوەدا، زۆر زاراوە بە هەڵە لە زمـانی کـوردی و فارسـیدا گشـتگیر بـوون، بـۆیە بە شـێوەی ڕەخنەگرانە ڕووبەڕووی ئەو زاراوانە بۆتەوە و هەر زاراوەیەکی لە باری زانستی پێی دروست نەبووە، بەکاری نەهێناوە.

**٣-٣- دیارترین ئەنجامەکانی زانستیی نووسینی ئەو فەرهەنگە بریتین لە:**

**٣-٣-١-** ناساندنی چەمکە زانستییەکان، بۆ ئەوەی لەسەر هەر بابەتێک توێژەران بتوانن وەک سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ کەمکردنەوەی گومان لەسەر هەڵبژاردنی زاراوەی دروست سوودی لێوەرگرن.

**٣-٣-٢-** دانان و وەرگێڕانی بەشێک لە زاراوەکانی ڕەخنەیی بۆ زمانی کوردی.

لە وەرگێڕانی زاراوەدا سەجادی لەسەر ئەو باوەڕەیە، وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووهەم دەتوانێت دەرەنجامێکی دروستی لێبکەوێتەوە، تا ئەوەی لە زمانی دووهەم، یان سێهەم، بۆ نموونە، لە زمانی فارسی، یان عەرەبییەوە چەمکەکان بکرێنە کوردی. لە چەندین نموونەدا ئەو خاڵە دەستنیشانکراوە، دەبیندرێت؛ بۆ نموونە، لە: intentionality، reader، writerly.

تایبەتمەندییەکی دیکەی *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* ئەوەیە دانەرەکەی وەک خۆی ڕاستەوخۆ دەریبڕیوە، بۆ زاراوەکان هەردوو واتای کوردیی سەروو و کوردیی ناوەندیی بە ئاوەڵناوی جیاوازەوە بەکارهێناوە، ڕەنگە بۆ خوێنەرێک ئاگاداری ئەو تایبەتمەندییە نەبێت، هۆی سەرلێشێواوی بێت؛ بۆ نموونە، هەردوو زاراوەی «کۆمەڵناسیی لادێیی» و «جڤاکناسیی گوندی» کە هاوواتای زاراوەی rural sociology-ن لە هەردوو بەشی کوردیی سەروو و کوردیی ناوەندیدا بەکارهاتوون. سەجادی بەپێی ڕێسای ڕێزمانی تایبەت بە زارەکان، ئەو زاراوانەی داناوە و گەر زاراوەیەکیش هەڵگری دوو واتای جیاواز بووبێت بە ژمارە واتا جیاوازەکانی دیاریکردووە و لە دوو خانەی جیاوازدا دایناون.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو فەرهەنگە لە نووسینی زاراوەکاندا ئەوەیە شێوەی نووسینی زاراوەکان لەبەرچاو گیراوە، نەک شێوەی ئاخاوتن، بۆ پاراستنی ئەو جیاوازییەش بە هەستیارییەوە مۆرکەکانی زمانی نووسین ڕەچاوکراون؛ بۆ نموونە، «دەستکەوت» لەبری «دەسکەوت» و «دەستنیشان» لەبری «دەسنیشان» و «لەدەستدان» لەبری «لەدەسدان» بەکارهێنراوە. سەجادی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو ئاڵۆزییەش لە دەقی کوردیدا، لە ناشارەزابوونی وەرگێڕ و نووسەر دەزانێت. گەر نووسەر ئەزموونی بەهێزی لە خوێندنەوەی دەقی کوردیدا هەبێت، تێدەگات هێچ نووسەرێک «چەن» لە بری «چەند» بەکارناهێنێت؛ مەگەر ئەوەی لە دیالۆگی ژانرێکی ئەدەبیدا بێت.

لە لێکدانەوەیەکی دیکەی پێشەکیدا بەو سەردێڕە: «*پەنجا خاڵ لەسەر زاراوەسازی و وەرگێڕانی چەمکەکان*»، پەنجا زاراوە تاوتوێ کراون کە سەجادی ڕای وایە بەشێک لەو زاراوانە نەتەنیا لە زمانی کوردیدا، بەڵکوو لە زمانی فارسیشدا بە هەڵە بەکارهێنراون. لەو بەشەشدا وێڕای دەستنیشانکردنی زاراوەی دروست بۆ ئەو زاراوانە، هۆکاری هەڵە بوونیشیان دەربڕاوە؛ بۆ نموونە، لە زمانی کوردیدا بۆ زاراوەی aestheties «جوانناسی» و «جوانیناسی» بەکار دەهێنرێت، پێویستە بگوترێت بۆ ئەو مەبەستە «جوانناسی» هەڵەیە و «جوانیناسی» دروستە. لە زمانی فارسیشدا ئەو شێوە بەکارهێنانە لە لایەن کۆمەڵێک نووسەر بەکارهاتووە و لە جیاتی «زیبایی‌شناسی»، «زیباشناسی» دەنووسن. لە شرۆڤەی ئەو زاراوەیەدا هاتووە کە جواننا‌سی وشەیەکی هەڵە نییە؛ بەڵام ئەگەر مەبەست ئەو زانستەیە باسی جوانی، تایبەتمەندییەکانی و جۆرەکانی دەکات، دەبێ بڵێین جوانیناسی، چونکە لە هەندێک بەرهەم و لقی ئەدەبی و هونەریدا، بەتایبەت ئەدەب و هونەری مۆدێرندا، لەوانەیە جوانی دەلالەت نەکاتە سەر بابەت، یان شتی جوان» (سەجادی، ٢٠٢٢: ٣١).

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو فەرهەنگە ئەوەیە تەنیا گرنگی هەر بە هاووتای کوردیی زاراوەکان نەداوە و زاراوە فارسییەکانیش بەگشتی جێی سەرنجبوون. لە پاژێکی دیکەی «*پەنجا خاڵ لەسەر زاراوەسازی و وەرگێڕانی چەمکەکان*»، سەجادی بەشێک لەو زاراوانەی لە زمانی فارسیدا بەهەڵە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕە ناشارەزاکان بەکارهاتوون و دواتر وەرگێڕە کوردەکانیش بەهەڵە وەریان‌گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، شی‌دەکاتەوە. لەو بەشەشدا دوای هێنانەوەی هۆی زانستی بۆ نادروستیی هەرکام لەو زاراوانە، لە ئەنجامدا زاراوەی دروستی پێشنیار کردووە. ئەو تایبەتمەندییە زێدەتر بایەخی زانستی ئەو فەرهەنگەی دەرخستووە؛ بۆ نموونە: زاراوەی «ساختارگرایی» لە زمانی فارسیدا دەبێت بە شێوەی «ساختاری‌گرایی» وەربگێڕدرێت، چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی structuralism دەنووسرێت، نەک structurism. بە هەمان شێوە بەکارهێنانی زاراوەی «طبیعت‌گرایی» بۆ naturalism هەڵەیە و «طبیعی‌گرایی» پێشنیار کردووە، چونکە «طبیعت‌گرایی» وەرگێڕانی چەمکی naturism- ـە. لەو بەشەدا بۆ زاراوەی «نسبیت‌گرایی»، «نسبی‌گرایی» پێشنیار کراوە.

لە زمانی کوردیدا ئەو وەرگێڕە کوردانەی شارەزای باسە تیۆریکەکان نین، هەر بە هەمان شێوە و بەپێی زاراوە فارسییەکان زاراوەیەکی کوردی لەبری ئەو چەمکانە دادەڕێژن؛ بۆ نموونە، لە جیاتی زاراوەی «سروشتیخوازی»، یان «سروشتیگەرایی»، «سروشتخوازی»، یان «سروشتگەرایی» بەکاردێنن کە بە تەواوی هەڵەیە. وەرگێڕانی نادروستی ئەو چەمکانە بۆتە هۆی بەدیهاتنی چەوتتێگەیشتنی یەکجار زۆر لە نووسینی کوردیدا (سەجادی، ٢٠٢٢: ٤٩). لەو بەشەدا سەجادی گرنگترین هۆکاری کێشە و ململانیی نێوان ڕەخنەگران لە دانانی هاوتادۆزیی هەڵە لە وەرگێڕانی زاراوە تایبەتەکان دەزانێت. لە پرۆسەی لێکدانەوەی ئەو جۆرە هەڵە تێگەیشتنانە نووسەر وێڕای هێنانەوەی چەندین نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەکە، ڕەوشی پراکتیکی بۆ باشترکردنی ئاستی وەرگێڕانی زاراوەکانی بیانی پێشکەش کردووە.

**٣-٤- فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی هۆی:**

٣-٤-١- بەرچاوڕوونی توێژەرانی ڕەخنەی ئەدەبییە.

٣-٤-٢- کەمکردنەوەی ئاڵۆزی لە هەڵبژاردنی زاراوەی ڕەخنەییە.

٣-٤-٣- کەمکردنەوەی داهێنانی زاراوەی زەوقییە.

٣-٤-٤- ئاسانکاری بۆ کۆدەنگی زانستی لە نێوان پسپۆڕانی زمانییە.

## ٤- ئەنجام

لە ڕانانی *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەییدا* بەو ئەنجامە دەگەین، داهێنان و وەرگێڕانی زاراوەی ڕەخنەیی لە هەر زمانێکدا، تا ڕادەیەکی زۆر پێویستی بە تیۆرییە وەرگیراو و هەڵێنجراوەکان لە بەرهەمە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکانی ئەو فەرهەنگە هەیە، یان گونجاندن و وەرگێڕانی زاراوەکانی ڕەخنەیی زمانەکانی دیکە لەگەڵ زمان و ئەدەبی خۆماڵی. ئەنجامی تویێژینەوە و ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو لە زمانی کوردیدا دەریخستووە، تەنیا پشتبەستن بە چەمک و زاراوەی ڕەخنەیی ڕۆژئاوا بە هەمان چوارچێوە و پێکهاتە، ئاکامێکی زانستی بۆ ڕەخنەی کوردی نابێت، بۆیە پێویستە وێڕای سوودوەرگرتن لە بەهرەی ڕەخنەی نێودەوڵەتی و پشتبەستن بە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەبێ لە داهێنانی ڕەخنەی ئەدەبیی ڕەسەن نزیک بینەوە. زمانی ئەدەبی جیاوازیی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی زمان هەیە و ئەو بابەتە جیاوازیی سەرەکیی نێوان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و لقەکانی دیکەی زانستی دەردەخات کە تەنیا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دەتوانن زاراوە و چەمکەکانیان بۆ زمان و فەرهەنگێکی دیکە بگوازنەوە.

دوای ڕانانی ئەو فەرهەنگە و خوێندنەوەی بەشی پێشەکی و زاراوەکان، بەو ئەنجامە دەگەین لەو فەرهەنگەدا زاراوەکان بەپێی ڕوانگەیەکی تەواو ڕەخنەیی دانراون، بۆیە بایەخی زانستی و کاراییی ئەو زاراوانە زیاتر لای توێژەرانی ئەو بوارە، بەتایبەت لە توێژینەوە زانستییەکاندا دەرکەوتووە و جێیان لە نێو دەقەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا کردۆتەوە. گرنگی ئەو زاراوانە لەوەدایە لەسەر بنەمای خوێندنەوەی بەرهەمەکانی زمانی کوردی، شوناسی ڕێزمانی و پێکهاتەی زمانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، یان داڕێژراون، بۆیە بەکەڵکبوونیان بەگشتی لە نووسینی کوردیدا بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە. بە کۆکردنەوەی ئەو زاراوانە دەکرێت بە داهاتووی ڕەخنەی ئەدەبیی خۆماڵی و ئاکادێمیک لە ئەدەبی کوردیدا دڵخۆش بین.

**خوانش فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی اثر دکتر بختیار سجادی**

**جعفر قهرمانی**[۱]

**چکیده**

پیشرفت علم سبب پیدایش واژه‌ها و اصطلاحات جدید می‌شود، از این رو پیشروان هر رشته‌ی علمی ابتدا اصطلاحات آن را تدوین می‌کنند، تا فهم صحیح آنها را برای خوانندگان مشخص کنند. موضوع این مقاله *خوانش فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی* اثر بختیار سجادی است که سال ۲۰۲۲ مالی وفایی آن را منتشر کرد. در این نوشتار ضمن خوانش بخش مقدمه‌ی فرهنگ، به برخی از ویژگی‌های ساختاری و محتوایی آن اشاره می‌شود. در لغت‌نامه‌های چند زبانه، ساختار دستوری اصطلاحات در زبان اول باید با ساختار دستوری اصطلاحات در زبان‌های دوم و سوم برابر باشد. فرآیند اصطلاح‌سازی در این فرهنگ براساس نظریات جدید علمی و ظرفیت‌های ساختاری و زیبایی‌شناختی زبان کُردی انجام شده است؛ بنابراین تأثیر اصطلاحات آن در شکوفا شدن نقد ادبی و پژوهش‌های ادبی در زبان کُردی انکارناپذیر است. گردآوری فرهنگ لغت، به ویژه فرهنگ اصطلاحات کاری بس دشوار است و همکاری متخصصان در زمینه‌های مختلف علمی را می‌طلبد؛ امّا سجادی به دلیل مهارت و دانشی که در زبان و ادبیات انگلیسی، کُردی و فارسی دارد، توانسته چنین پژوهش طاقت‌فرسایی را به نتیجه برساند. سجادی از جمله‌ی منتقدان معاصر است که سهم بسزایی در بومی‌سازی نقد ادبی در زبان کُردی داشته است. مهمترین ویژگی‌های علمی این فرهنگ عبارت است از: برابریابی و برگردان دقیق اصطلاحات، حذف اصطلاحات ذوقی و کاهش سردرگمی در انتخاب سلیقه‌ای اصطلاحات است. بدون شک چنین تلاش‌هایی ما را به شکل‌گیری نقد ادبی در زبان کُردی امیدوار می‌کنند.

**واژگان کلیدی:** فرهنگ؛ اصطلاح‌سازی؛ اصطلاح نقدی؛ نقد ادبی.

[۱] ghahjefer@gmail.com

**Book Review of A dictionary of Critical Terms by Dr. Bakhtiar Sadjadi**

**Jafar Ghahramani**[1]

## Abstract

The progress of science causes the emergence of new words and terms; therefore, the pioneers of any scientific field first compile the terms to facilitate its correct understanding by readers. The subject of this article *Book Review of A dictionary of Critical Terms by Bakhtiar Sadjadi*, which was published in ٢٠٢٢. The most obvious feature of this dictionary is that the term formation process is based on the grammatical structure of the Kurdish language; therefore, the influence of the terms of this dictionary is notable in the flourishing of criticism in the Kurdish language. In multilingual dictionaries, the grammatical structure of the equivalent terms in the first language should be the same as the grammatical structure of the terms in the second and third languages. The most important results of writing this dictionary are: equalization and accurate translation of terms, the elimination of tasteful (literary) terms, and reduction of confusion among Kurdish researchers in choosing terms. Writing a dictionary, especially a dictionary of terms, is a quite difficult task that requires the cooperation of experts in various scientific fields; however, Sadjadi has been able to carry out such an brilliant and exhausting research due to his skills and knowledge in English, Kurdish and Persian languages and literature. Sadjadi is one of the contemporary thinkers and critics who has made a significant contribution to the localization of criticism in the Kurdish language. Undoubtedly, such efforts give us hope for the formation of literary criticism in the Kurdish language.

**Keywords** :dictionary; terminology; Critical term; literary criticism.

[1] ghahjefer@gmail.com

**سەرچاوەکان**


اسفندیاری، خدیجه و همکاران (١٤٠٠). *بررسی و تحلیل اصطلاح سازی شفیعی کدکنی در نقد ادبی.* مجله فنون ادبی، سال چهاردهم، شماره ٣، پیاپی ٣٦، پاییز ١٤٠٠، صص١١٠، ٩١.

پیرس، چارلز (١٣٨٢). *پرسش‌هایی درباره‌ی توانایی‌های خاص انسان*، فلصلنامه ذهن، شماره ١٦، ١٥، صص ١٥٣-١٩٧.

حدادی، محمود (١٣٨٤). *مبانی ترجمه.* تهران: رهنما. چاپ اول.

سەجادی، بەختیار (٢٠٢٢). *فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی.* هەولێر: ماڵی وەفایی، چاپی یەکەم.

طهماسبی، عدنان و صدیقه جعفری (١٣٩٣). *جستاری در ترجمه از عربی به فارسی با تکیه بر فرایند معادل‌یابی معنوی (بررسی موردی رمان السکریه)*. دو فصلنامه علمی پژوهشی پژوهش‌های ترجمه در زبان و ادبیات عربی. س ٤، ش ١٠، صص ٩٧-١١٨.

فلبر، هلموت (١٣٨١). *مبانی اصطلاح شناسی، ترجمه محسن عزیزی.* تهران: مرکز اطلاعات و مدارک علمی ایران.

ناظمیان، رضا (١٣٩٣). *روش‌هایی در ترجمه از عربی به فارسی.* تهران: سمت، چاپ هشتم.

Komissarov, V. (1985). "The Practical Value of TranslationTheory".*Babel: International Journal of translation*. Vol. XXXXI. No 4. Published with the Assistance of UNESCO.